www.kurdistannet.org
3-5-2003 0:30

# پەنابەرانی بێ پەنا

برایم جەهانگیری

"هەموو کەسێك مافی ئەوەی هەیە بۆ دەرباز بوون لە ڕاوەدوونان و ئەشکەنجە و ئازار پەناگەیەك پەیدا بکا و پەنا بەرێتە بەر وڵاتێکی دیکە". (١)

ئەمەی سەرەوە بەندی ١٤ لە بەیاننامەی مافی مرۆڤە، کە بە داخەوە و لەگەڵ ڕوون و ئاشکرا بوونی ناوەرۆکی بەیاننامەکە، بۆ پەنابەرانی کوردی ئێرانی بووەتە حەوت خانی ڕۆستەم و یەك لە هەزاریشی لە لایەن دەفتەری نوێنەرایەتی UNHCR لە شاری (وان) ی تورکیا لەبەر چاو ناگیرێ.

پەنابەری کورد بە تایبەتی ئەوانەی بە شیمالی عێراق ناسراون و بریتین لەو ئەندام و پێشمەرگانەی ساڵەهایە لە ریزی حیزب و هێزە سیاسییەکانی کوردستانی و ئێرانی دا خەباتی تەواو وەختیان کردووە، بە هەزار چەرمەسەری لە سەت فیل و تەڵەکەی قاچاقچی بە بێ وێژدانەکان رزگاریان دەبێ و پاش چەند شەو و ڕۆژ ڕێ پێوان و تێپەرین بە کوێرە ڕێیەکان دا و دەرباز بوون لە چەندین کەمین و پێگەی هێزەکانی تورکیە خۆیان دەگەییننە شاری وان و لە دەفتەری نوێنەرایەتی UNHCR خۆ دەناسێنن.

لێرەوە چارەڕەشی پەنابەرە کوردە ئێرانییەکان دەست پێ دەکا"لەگەڵ ئەوەی دا کە زۆربەی هەرە زۆری ئەو کەسانەی وەك پەنابەر لە شاری وان دەژین گرفتی سیاسیان هەبووە و لەبەر هۆی سیاسی ڕایان کردووە و لە لایەن حیزبە سیاسییەکانیش "تەئیدییان" وەرگرتووە، بەڵام هێشتا زۆرن ئەوانەی یا هیچ جوابێکیان

> **ئەو پەنابەرانە ئەگەر تووشی نەخۆشی تەنانەت نەخۆشی کوشندەش بن UN ئامادە نییە هیچ کارێکیان بۆ جێ بە جێ بکا و پەنابەری بێ پەناش تاقەتی خەرجی گرانی نەخۆشخانەکانی تورکیەی نییە و ناچار دەبێ بەدەم ئازارەوە بتلێتەوە.**

وەرنەگرتووە و یان ئیستینافیان خواردووە و ڕەت بوونەوە.

لێرە و سەبارەت بەو وەزعە زۆر قسەی خۆش و ناخۆش دەربارەی UN ساز کراوە هێندێك دەڵێن ئەوانەی موعتادن و یان "کەیسی" ئەخلاقی دەدەن وەزعیان لە سیاسییەکان باشترە و زووتر جوابیان بۆ دێتەوە! دیارە من ئەو قسەیە وەك دەمگۆ و شایعە باس دەکەم با سبەی لە سەرمان نەکەن بە ماڵ، چوونکە خودای ئەگەر وا بێ بە راستی قەباحەتە! یانی لە لای بەرپرسانی UNئەندێشە و فکر هێندە نزم بووەتەوە کە خەڵك ئاوا باسی بکەن!؟ دوستێکی خۆم قسەیەکی جوانی دەگێرایەوە دەیگوت:"ئەو پەنابەرەی لە ئێران ڕا هەڵاتبێ دەبێ فیلمی ئیعدامی خۆی لەگەڵ خۆی بێنێ یانی لە کاتێکدا کە پەتەکەی پەساندووە و خۆی دەرباز کردووە، جا ئەودەم

> **ئایا ئەو رەفتارەی UN خۆی پێچەوانەی ئەم بەندەی بەیاننامە مافی مرۆڤ نیە؟ ئایا پشت گوێ خستنی چارەنووسی سەدان کەس ژن و و پیاو و منداڵ ،رەفتاری دژی بەشەری نیە؟**

UN وەری دەگرێ"!؟

ئەوە بۆ پەنابەرانەیە کە لە ئێران ڕا هاتوون، خۆ وەزعی ئەو پەنابەرانەی کە لە کوردستانی عێراق ڕا دێن و لە لای UN بە شیمالی عێراق ناسراون داستانێکی دیکەی هەیە. ئەو کەسانە تا ماوەیەك لەمەو پێش، هیچ کەس گوێی نەدەدانێ و کەس پرسیاری لێ نەدەکردن و وەك دەڵێن پەروەندەیان بۆ دروست نەدەکردن و فایلیان بۆ

نەدەکردنەوە، بەو نێوە کە تورکیە بۆ ئەوان وڵاتی سێهەمە و ئەوان لە کوردستانی عێراق ئاسایشی تەواویان هەبووە بۆ چ هاتوونەتە تورکیە؟! هەر چۆنێ بێ ئێستا ماویەکە لێ پرسین هەیە و ڕۆژی ٤-٥ کەس بانگ دەکرێن و پرسیاریان لێ دەکرێ، بەڵام جارێ هیچ بڕیارێك دیار نیە، ئەو پەنابەرانە هیچ حەسیبێکیان بۆ ناکرێ، تەنانەت حەقیان نیە بەرامبەر بەو وەزعە نالەبارە هیچ نارەزایەتێکیش دەربڕن، دیارە ئەوەی دژی ئەو کردارە بە حەقەیە، پۆلیس و دەوڵەتی تورکیە نین، بەڵکو UN و وەکیلەکانن کە دژی ئەو شتەن. چەند ڕۆژ لەمەوبەر کۆبوونەوەیەك بە ئاگاداری خودی UN ساز کرا، بڕیار درابوو هەیئەتێك لە "ئانکارا"وە بێ و قسە لەگەڵ پەنابەران بکا، لەکاتی کۆبوونەوەکە چەند هەواڵنێر و کامێرەوانی کاناڵە تەلەڤزیۆنەکانی تورکیە لەوێ ئامادە بوون و لەو کۆبوونەوەیە فیلیمان هەڵدەگرتەوە، وکیلێکی UN بەناوی (س) کە دەبوو دیفاع لە پەنابەران بکات بە پێچەوانە ئەمری بە پولیسەکان دەکرد کە نەهێلن لەو کۆبوونەوەیە فلیم هەڵگرنەوە!

پەنابەرانی کورد هیچ مافیکیان نیە، سەدان بنەماڵەی پەنابەران لە کەمترین مافی ئینسانی بێبەشن، سەدان منداڵ لێرە بۆ دوو ساڵ و زیاتریش دەچێ لە خوێندن بێ بەشن و لە هاواڵان و هاوپۆلانیان وەدوا کەوتوون، سەدان ژنی کورد لەوپەری بێ ئیمکانیاتی دا دەژین و ئەرکی ماڵ و منداڵداری بە جێ دێنن. **ئەو پەنابەرانە ئەگەر تووشی نەخۆشی تەنانەت نەخۆشی کوشندەش بن UN ئامادە نیە هیچ کارێکیان بۆ جێ بە جێ بکا و پەنابەری بێ پەناش تاقەتی خەرجی گرانی نەخۆشخانەکانی تورکیەی نیە و ناچار دەبێ بەدەم ئازارەوە بتلێتەوە.**

دیارە هەر لە سەرەتای خۆ ناساندنت UN ئەو مامەڵەیەت پێ ئیمزا دەکا کە هیچ کارێکی پزیشکی و دەرمانیت بۆ ئەنجام نادرێت و پەنابەریش ناچار ئیمزای دەکا.

ئایا ئەوە خۆی ئاشکراترین پێشلێ کاری مافی مرۆڤ نیە لە لایەن UNHCRەوە؟ UNبەو بێتەفاوەتییەی مافی منداڵان پێشلێ دەکا، گەمە بە مافی ژن دەکا و بە گشتی مافی مرۆڤ دەپلشێنێتەوە، چونکە ڕوانینێکی ئینسانی بەرامبەر بەو خەڵکە نیە!؟

"ناکرێ هیچ کەس ئەشکەنجە و یان ئازار بدرێ یان ڕەفتاری وای لەگەڵدا بکرێ کە پێچەوانەی مرۆڤایەتی و نەریتە بەشەرییەکان بێ". (٢)

ئایا ئەو ڕەفتارەی UN خۆی پێچەوانەی ئەم بەندەی بەیاننامە مافی مرۆڤ نیە؟ ئایا پشت گوێ خستنی چارەنووسی سەدان کەس ژن و و پیاو و منداڵ، ڕەفتاری دژی بەشەری نیە؟ زۆرن ئەو بنەماڵانەی لەبەر ئەم وەزعیەتە شیرازەی ژیانی هاوبەشیان لەبەر یەك هەڵوەشاوە و کەمیش نین ئەوانەی تووشی نەخۆشی دەروونی و ڕەوانی بوون. هەموو لایەکیش گوێ بیستی ئەم هەواڵانە بووین کە هەر ئەمساڵ لە شارەکانی دیکەی تورکیە دا چەند کەسێك خۆیان کوشتووە تا بەم شێوەیە لەم ڕەزاڵەتە نەجاتیان بێ.

لە شاری وان و شارەکانی دیکەی تورکیە دا زۆر پەنابەری دیکە هەن کە وەزعیان بە تەواوی لەگەڵ ئێمەمانان فەرقی هەیە، بۆنموونە هاونیشتمانانی بەهایی زۆر زوو وڵامی قەبووڵی وەردەگرن و ڕەوانەی وڵاتانی دەرەوە دەکرێن. ئەمە خۆی جێی خۆشحاڵیە و خۆزگە لەمەش زووتر لەم وەزعە دەباز دەبوون تاڵانی کەم بۆ ماوەیەك لە باری ڕووحی و ڕەوانیەوە بحەسێنەوە، چونکە بە دڵنیاییەوە ئەوانیش لەلایەن ڕێژیمی ئیسلامی ئێرانەوە لە ژێر گۆشار دان. بەڵام ئەوان تەنیا گوشاری مەزهەبی یان لەسەرە و ئێمەی کوردیش جگە لە گوشاری مەزهەبی گوشاری میللیشمان لەسەرە، ئەی بۆ چی ئێمە وا بە جاری پشتاوکراوین و پیشت گوێ خراوین ؟ هۆی ئەوەی کە برایانی بەهایی زۆر زووتر لە ئێمە مانان چارەنووسیان ڕوون دەبێتەوە و لەو وەزعە نەجاتیان دەبێ تەنیا

ئەوە نیە کە UN ئەوان لە ئێمە پتر بە هێند دەگرێ، بەڵکو ڕێکخراوی بەهائیان بۆیان لە هەوڵی جیددی دایە و زور زوو دە فکریان دەکەوێ و ئەوەی لە دەستی بێ لە بارەیان دا دریخێ ناکا. کەچی بەداخەوە ئێمە لەو بارەشەوە بێ پەناترین مرۆڤی سەردەمین.

با ڕێکخراوە بەشەر دۆستەکان و ئەو دەوڵەتانەی کە لەوانەیە لە داهاتوو دا ئێمەی پەنابەر وەربگرن ئەوە باش بزانن کە، زۆربەی هەرە زۆری پەنابەرانی بێ پەنا بست بە بەستی وڵاتەکەی خۆیان پێ لە وڵاتانی هەندەران خۆشترە و سەدان خاترە یان لەگەڵ داروبەردی وڵاتەکەیان دا هەیە و ئەگەر هیچ دەرەتانێکیان بۆ ژیان هەبا، هەرگیز ئەو هەموو ڕەزالەتەیان قەبول نەدەکرد. "بەڵام دەوران دەبێ ڕۆژی بدا سوورِ". (٣)

١. بەندی ١٤ لە بەیاننامەی مافی مرۆڤ
٢. بەندی ٥
٣. مامۆستا هێمن. ناڵەی جودایی

تێبینی کوردستان نێت:

ئەم نووسینە دەربڕینی بیروبۆچونی خاوەنەکەیەتی، کوردستان نێت لەناوەڕۆکەکەی بەرپرسیار نییە.